# بانگەوازی دەستەی داکۆکی بۆ هاتنە مەیدانی جەماوەری شاری سلێمانی

## دانیشتوانی شاری سلێمانی بەڕێز

وەك ئاگادارن ئێمە ماوەیەکە بزوتنەوەیەکمان بۆ بەدیهێنانی داخوازیە ڕەواکانی ئێوە لە ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خانو وە بگرە چارەسەری کێشەی گرانی و نەهێشتنی گەندەڵی دەزگاکانی حکومەت دەست پیکردوە. دوای دانیشتنی دووجار لەگەڵ جێگری پارێزگار و ئەنجومەنی شاری سلێمانیدا ، هیچ وەڵامێکی ڕەسمی و پەسەندکراومان بەدەست نەگەیشتوە و کاری جدی نابینین لە دەسەڵاتدارانەوە بۆ چارەسەری دەست بەجێ وبەپەلەی ئەو داخوازیانەی چواردەساڵە چاوەڕێیانین.

ئێمە لەکاتێکدا پلانی کارکردنی فەوریمان خستۆتە بەردەمی ئەو دەسەڵاتدارانە و داوامان لێکردوون کە تا ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو جیبەجێی بکەن ، ئێوەش لەم پلانە ئاگاداردەکەینەوە تاکو بتوانین هەموو جەماوەری شاری سلێمانی بێنە مەیدان و هێزی جەماوەری خۆیان نیشان بدەن کە سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم داوایانە. دەسەلاتداران تەنها لە ژێرفشار و زەختی جەماوەری شاری سلێمانیدا ئەم داوایانە جێبەجێدەکەن.ئێمە داواتان لێدەکەین کە لەهەموو گەرەك و دائیرە و شوێنیکدا کۆبونەوەی جەماوەری خۆتان بکەن و پشتیوانی خۆتان بۆ ئەم داوایانە دەربڕن و لەڕێگای نوێنەرانتانەوە پەیوەندی بە ئێمەوە، دەستەی داکۆکی،بکەن.

## داواکاری و پلانی دەست بەجێمان لە پارێزگاری سلێمانی

1- زیادکردنی کارەبای هەموو شار بۆ 16 سەعات لەماوەی یەك مانگدا

2- دابەشکردنی یەك بەرمیل نەوت بۆ هەر ماڵێك لە ماوەی 14 ڕۆژدا

3- چارەسەری کێشەی بێئاوی شار لەیەك مانگدا

4- بۆ چارەسەری گرانی :

أ- دانانی نرخ بۆ شتومەك ،

ب- دیاریکردنی موچە بەپێی گرانی و نرخی شتومەك

ج- لابردنی باج لەسەر مەوادی خۆراکی وئیستهلاکی کە پیداویستیە سەرەتاییەکان دابین دەکەن.

د- کردنەوەی بازار لەگەرەکەکان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە بۆ دابینکردنی شتومەك بەنرخی گونجاو .

5- بۆ نەهێشتنی گەندەڵی

أ- ئاشکراکردنی داهات و مصرفی پارێزگای سلێمانی و پرۆژە تایبەتیەکان

ب- ئاشکراکردنی ناوی بەڵێندەر و پارە و کاتی تێچوونی پرۆژەکان

ج- ئاشکراکردنی مەلەفی گەندەڵیەکان

6- داوا دەکەین کە ئەم داخوازیانەی سەرەوە وەك بڕیار لەلایەن ئەنجومەن و پارێزگای سلێمانیەوە دەربچن بەڕەسمی و بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ دەستەی داکۆکی ڕاگەیەندرێن .

6- پێویستە دەستەی داکۆکی وەك چاودێری ڕەسمی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە بناسرێ لە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارانەدا و لەکاتی جێبەجێنەکرانی ئەم بڕیارانەدا خەڵك ئاگاداردەکاتەوە لە پیشێلکاریەکان.

7- جەماوەری شاری سلێمانی ئازادی ڕێپیوان و مانگرتن و ڕادەربڕین و کۆبونەوەیان هەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەم داخوازیانەیان.

2005/09/24

---